## قوتابێتی - 2

## وانەی حەڤدەهەم

**نوێژ**

ڕابەری گروپ: نوێژ بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادەکردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

### ستایش و پەرستن

### خودا دڵسۆزە

**بیرۆکەی سەرەکی:** خودا دڵسۆزە

**بخوێنە و ڕوونبکەرەوە:** هەموو بڕگەیکی کتێبی بخوێنە و ڕوونیبکەرەوە، پاشان دابەشی بکە سەر ئەندامانی گروپەکەتدا تاوەکو لە کاتی ستایشکردندا بەکاری بهێنن.

1. (دەرچوون34: 6-7). خودا دڵسۆزە لە میهرەبانی و نیعمەت و خۆشەویستی و لێبووردنیدا، هەروەها دڵسۆزیشە لە هۆشیارکردنی سەبارەت بە سەرزەنشتکردنی ئەو کەسانەی کە پەشیمان نابنەوە لە گوناهەکانیان و تەوبەت ناکەن.
2. (ژمارە23: 19). خودا دڵسۆزە لە وشەکەی، هەروەها لە بەڵێنەکانی کە لەکتێبی پیرۆزدا هاتوون.
3. (زەبووری33: 4-5). خودا دڵسۆزە لە هەموو شتێك ئەنجامی بدات، هەموو شتێکیش بە ڕاستودروستی و دادپەروەری دروست دەکات، هەروەها خۆشەویستییەکەی هەتاهەتاییە و هەرگیز ناکەوێت.
4. (زەبووری33: 10-11). خودا دڵسۆزە سەبارەت بە پلان و مەبەستە ڕوونکراوەکانی لە کتێبی پیرۆزدا.
5. (زەبووری40: 1-3 ، 9-10). خودا دڵسۆزە لە ڕزگارکردنت لە چاڵی مردن و قوڕ و زەلکاو.
6. (فیلیپی1: 6) (1سالۆنیکی5: 23-24). خودا دڵسۆزە و بێگومان ئەو کارە تەواو دەکات کە لە تۆدا دەستیپێکرد.
7. (2تیمۆساوس2: 13). خودا بە دڵسۆزی دەمێنێتەوە تەنانەت ئەگەر تۆیش هەندێك جار پاشەکشێت کرد لە دڵسۆزیتدا.
8. (عیبرانییەکان10: 23). خودا بەتەواوەتی دڵسۆزی بەڵێنەکانێتی کە لەکتێبی پیرۆزدا هاتوون.
9. (عیبرانییەکان11: 6). خودا بەدڵسۆزییەوە پاداشتی هەموو کەسێك دەکات کە داوای بکات و هەوڵی بۆ بدات.
10. (عیبرانییەکان13: 5-6). خودا بەجێت ناهێڵێت و تاهەتایە وازت لێناهێنێت.

### ستایش و پەرستن

داوا لە هەر ئەندامێکی گروپەکەت بکە ئایەتێکی کتێبی بەکار بهێنێت بۆ پەرستنی خودا و ستایشکردنی.

خودا بە نۆرە بپەرستن بەو پێییەی کە دڵسۆزێکی تەواوە بۆ بەڵێنەکانی و بۆ گەلەکەی.

خودا بپەرستن چونکە دڵسۆزە لە ژیانی هەر کەسێك لە ئێوە.

خودا بپەرستن وەك گرووپێکی گەورە، یان چەند گروپێکی بچووك کە هەر یەکەی لە 3 کەس پێکدێت.

### بەشداریکردن

### کرداری نێردراوان

بە نۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەراوی خەڵوەتی ڕوحی قوتابیان) ئەوەی فێری بوونە لە یەکێ لە خەڵوەتەکان و ڕامانتان لەو بڕگە کتێبییانەی بۆتان دەستنیشان کراوە (کردار8: 1 - 11: 18) لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی بەشداریەکان کورت بێت.

گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات، بە ڕاستی مامەڵە لەگەڵ قسەکانی بکەن و قبووڵی بکەن و کێبڕکێی ئەو شتانە مەکەن کە بەشداری دەکات.

فێرکردن

## پەیوەندییەکان: پەیوەندییەکانی نێوان پیاو و ئافرەت

ئەم وانەیە لە حەزێکی زۆر هەڵقوڵاوە بۆ شکۆمەندکردنی خودا لەم پەیوەندییە تایبەت و نایابە. جێبەجێکردنە کردارییەکان تەنها پێشنیازن کە دەتوانی بیریان لێبکەیتەوە و (هەندێك هەمواریان بکەیت) لە چوارچێوەی کۆمەڵگەکەت و ئاستی ڕۆشنبیریت.

### ئـ ) شەیدایی و خۆشەویستی مەسیحی

1 شەیدایی

ئێمە لە سەردەمی ڕۆمانسییەتدا دەژین. خەڵکەکە چاوەڕوانی پەیوەندی هاوەڵی ڕاستەوخۆ لە نێوان یەکتردا دەکەن. کەسانێکی زۆریش هەن کە پێیان وایە ئەگەر پەیوەندییەکانیان باش بێت — بەتایبەت لە چوارچێوەی پەیوەندییە جەستەییەکان — ژیانی هاوسەرگیرییان سەرکەوتوو دەبێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە لە هاوسەرگیرییە وێرانەکان لە سەرجەم کۆمەڵگەکان، نیشانەی ئەوەیە کە پەیوەندی جەستەیی و سۆزداری هاوەڵ ئاکامەکەی تێربوونی تەواو لە نێوان هەردوولادا نابێت. کەوتنە خۆشەویستیشەوە ئەو خۆشەویستییەیە کە تێیدا پیاو و ئافرەت هەست بە چوونەلای یەکترەوە دەکەن لە لایەنە کۆمەڵایەتی و جەستەیی و سۆزدارییەکانی ژیانیاندا. ئەو کات خەون و ئەندێشەکان لەلای هەردوولا چالاك دەبێت و هەردووکیان هەست بە حەزێکی زۆر دەکەن کە پێکەوە بن، بەڵکو بەر یەکتریش بکەون.

لە ماوەی هەرزەکاریدا، ئەندرۆجینەکان لە لەشتدا چالاك دەبن و بوونی خۆیان ڕادەگەیەنن. هەر لە تەمەنی هەرزەکاریدا ڕەنگە بکەوینە خۆشەویستی کچانێکی زۆرەوە (یان ڕەنگە کچێك بکەوێتە خۆشەویستی ژمارەیەك لاوەوە) پێش ئەوەی بگەیتە تەمەنی پێگەیشتن. لە هەر جارێکیش کە بکەویتە خۆشەویستییەوە، لەگەڵ خۆتدا دەڵێیت، (ئەمە کچێکی گونجاوە بۆ من، بەنیازم بیخوازم) یان (ئەمەیە ئەو گەنجە گونجاوە بۆ من کە بەنیازم شووی پێبکەم) بەڵام کاتێك زانیاریت بەو کەسەوە قوول ببێتەوە، زۆر جار ئەو حەزە پاشەکشێ دەکات و هەستە ڕۆمانسییەکان بەرەو نەمان دەچن. ئەو کات، دەزانیت کە هەستەکانت تۆیان خەڵەتان و وێڵی کردوون! بۆیە، سەرباری ئەوەی کە کەوتنە داوی خۆشەویستی هەستێکی زۆر نایابە، بەڵام ڕەنگە ساختە و شێوێنەر بێت. هەستەکانی مرۆڤ پێشبینی ناکرێن. هەروەها سەقامگیر نییە و لە گۆڕانادایە. زۆر جار هەستەکانت ئاراستەی خۆت دەبێت نەك لایەنیتر. بۆیە، بۆ ئەوەی توانای وەرگرتنی بڕیارێکی دانا و دروست دەربارەی هاوسەرگیری هەبێت، پێویستیت بە بنەمایێکیترە، بنەمایێکی پتەو و چەسپاوە، ئەویش خۆشەویستی (ئاغابی)یە.

2 خۆشەویستی (ئاکاپێ)

ووشەی (Agape) (ئاکاپێ) ووشەیەکی یۆنانییە زۆر جار بۆ گوزارشت کردن لە (خۆشەویستی) دەکات لە سەردەمی پەیمانی نوێ. خۆشەویستی (ئاکاپێ) خۆشەویستی مەسیحی ڕاستەقینەیە. کاتێك دەڵێین (خودا خۆشەویستییە) (1یۆحەننا4: 8) مەبەستمان لەوەیە کە خۆشەویستییەکەی (خۆشەویستی ئاکاپێیە). خودا بە خۆشەویستی ئاکاپێ خۆشمانی دەوێت (یۆحەننا3: 16) هەروەها ئامۆژگاریمان دەکات کەسانی ترمان خۆشبوێت بە خۆشەویستی ئاکاپێ (مەرقۆس12: 30-31). کاتێکیش خودا خۆشەویستی ئاکاپێ دەرژێنێتە دلّمان، هەست بە خواستێکی زۆر بۆ خۆشەویستی کەسانیتر دەکەین بە خۆشەویستی ئاکاپێ ، توانای ئەوەشمان دەبێت کە کەسانی ترمان خۆشبوێت بەم خۆشەویستییە ئاکاپێ. پاشان بە کردەیی کەسانی ترمان بەم خۆشەویستییە ئاکاپێە خۆشدەوێت. خۆشەویستی ئاکاپێش تایبەتمەنی بە خسڵەتی زۆر ڕوون هەیە وەك خۆڕاگری، سۆزداری، ڕەزامەندی، بێ خۆویستی، لێبوردەیی، ڕاستی، دڵسۆزی، لایەنگری (1کۆرنسۆس13: 4-8). هەروەها خۆشەویستی ئاکاپێ مەزنترین خۆشەویستییە، دوور لە جەختکردنەوە لەسەر خۆ. خۆشەویستی ئاکاپێ هانت دەدات بۆ کۆششدان بە هەموو توانایەك بۆ پەرەدان بە خۆشەویست. هەروەها خۆشەویستی ئاغابی وات لێدەکات لایەنی بەرامبەرت خۆشبوێت نەك بۆ ئەوەی کە شتێك

لەو پەیوەندیە دەستەبەر بکەیت، بەڵکو بۆ ئەوەی کە بەشداری بە شتێك لەو پەیوەندییە بکەیت. ئەمە خۆشەویستییەکی خۆویستی نییە چونکە خۆشەویستییەکی قوربانیدەرە. لەلایەکی تروە، خۆشەویستی ئاگاپێ خۆشەویستییەکی بونیاتنەرە نەك ڕووخێنەر. خۆی هەوڵ دەدات بۆ چاکەی کەسیتر بە باشترین شێوە. بۆیە، توانای چاوەڕوانی بۆ دەرخستنی خۆشەویستی ڕۆمانسی لە کاتی گونجاودا لەجیاتی ملنان بە بێ پلان بۆ پیشاندانی ئەم هەستانە پێش هاتنی کاتەکەی. سەرباری ئەوەی کە خۆشەویستی سۆزداری دەکرێ بۆ ماوەی ساڵێك یان دوو ساڵ بەردەوام بێت، بەڵام خۆشەویستی ئاغابی دەبێتە بەشێکی جیانەکراوە لە کەسێتی و لە ژیانت. بۆیە، پێویستە پەیوەندی جەستەیی هاوڵ نەبێتە ئامانج لە پەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەتدا، بەڵکو پێویستە بەروبوومی خۆشەویستی ئاغابی لەنێوانیاندا بێت. کاتێك ناسینەوەیەك، (یان بەڵێنێك) لە نێوان پیاوێك و ئافرەتێك بەئامانجی هاوسەرگیری هەبێت، پێویستە بەوپەڕی تواناوە هەوڵ بدەن بۆ گەیشتنی خۆشەویستییەکەیان بە خۆشەویستی ئاغابی. کاتێك خۆشەویستی ئاگاپێ لە نێوان هەردوولا تەشەنە بکات، زیاتر هاوبەش دەبن لە بیرۆکەکانیان (لەوانەیش باوەڕ و ئامانجەکانیان)، هەروەها هەستەکانیان (لەوانەیش هەست و هەڵوێستەکانیان) و بڕیارەکانیان (لەوانەیش خواست و هەڵبژاردنەکانیان). هەروەها هاوبەش دەبن لە گرنگترین پەیوەندییەکانیاندا بەتایبەت پەیوەندییان لەگەڵ خودا، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کەسوکار و هاوڕێکانیان. بەم شێوەیە مەبەست لە ناسینەوە لە نێوان پیاو و ئافرەتدا بۆ گەیشتن بە خۆشەویستی ئاگاپێ و بۆ ئەوەی بۆیان دەرکەوێت کە ئایا خودا دەیەوێ ژیانی هاوسەرگیری پێکبهێنن یان نا. دەرئەنجام خۆشەویستی ئاگاپێ ئاکامەکەی هاوڕێتییەکی ڕاستەقینە و قوولە و بە بێ خۆویستی.

## ب ) ئامادەبوون بۆ ناسینی کەسێک لە چەشنیتر

### 1 هاوڕێتی نێوان باوەڕداران

قەوارەی مرۆیی و ژیانی مرۆیی بە تێکڕا دوو شتی پیرۆزی زۆر بەنرخن لە ڕوانینی خودادا. جا ئەگەر کار بکەین، یان بخوێنین، یان ڕاهێنانی وەرزشی ئەنجام بدەین، یان سەردانی کڵێسا بکەین، یان سەردانی هاوڕێکانمان بکەین، ئەوا هەموو شتی پیرۆز و بەنرخن لە تێڕوانینی خودا. بۆیە شێوازی بەکارهێنانی هەستەکانمان و ئەو دەرفەتانەی بۆمان ڕەخساون، کاریگەرییەکی نایاب لە سەرمان بەجێدەهێڵێت. بیرۆکەکانمان (ڕاست یان درۆ) کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر ئەوانەی هەستی پێدەکەین. ئەوەی هەستیشی پێدەکەین کاریگەرییەکی زۆری لەسەر جل و ڕەفتارەکانمان دەبێت. هەروەها دۆخی ڕووحیشمان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پەیوەندییەکانمان دەبێت لەگەڵ کەسانیتردا. هەروەها ئێمە ناتوانین بەئارەزووی خۆمان جەستەمان بکاربهێنین بەبێ ئەوەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیر و هەستەکانمان هەبێت.

هاوڕێتی لە نێوان باوەڕداران ئەوە دەگەیەنێت کە هەموویان پێکەوە بەستراون وەك باوەڕداران! باوەڕداران پێکەوە دەبەسترێنەوە وەکو ئەوەی خێزانێکی گەورەبن. ئەم پەیوەندییەش لە نێوان لاوێکی باوەڕدار و کچێکی باوەڕدار بەردەوام دەبێت کاتێك ناسینەوە لە نێوانیاندا بەئامانجی هاوسەرگیری قوول ببێت، بەڵکو تا دوایی هاوسەرگیریش بەردەوام دەبێت! سەرباری هاوڕێتییە نایابەکەیان، بە درێژایی ژیانیان وەکو خوشك و برا لە مەسیحدا دەمێننەوە. ئامانج لە پەیوەندی هاوڕێتی دروست لە نێوان باوەڕداراندا ئەوەیە کە یەکتری بونیاد بنێن، هەموانیش کڵێسا بونیاد بنێن. ئامانج ئەوە نییە یەکتر بڕوخێنن. زۆر جاریش پەیوەندییە نایابەکانی هاوڕێتی لە پەیوەندییە ئاساییەکانی نێوان باوەڕداران سەرچاوە دەگرێت. بەم شێوەیە، پێویستە لەسەر هەر باوەڕدارێك ئاشنا بێت لەوەی کە ژمارەیەك بەرپرسایەتی لەسەرە بەرامبەر بە هاەوڕێتییەکانی لەگەڵ باوەڕدارەکانیتردا.

ئـ) وەك باوەڕدارێك، بەرپرسيارين بەرامبەر بە خۆمان.

پێويستە دووبارە لەدايك بين (يۆحەننا3: 3-8)، هەوڵيش بدەين بۆ پەيڕەوكردنى ويستى خودا (مەرقۆس3: 31-35)، هەروەها پێويستە وەك قوتابييەك بكەوينە دواى عيساى مەسيح (لۆقا9: 23-26).

ب) وەك باوەڕدارێك، بەرپرسيارين بەرامبەر يەكتر.

كتێبى پيرۆز دەڵێت پێويستە ئاگادارين، بۆ ئەوەى دڵى هيچ كەسێكمان دڕندە نەبێت، واتە بێ باوەڕمان نەبێت (عيبرانييەكان3: 12-15). هەروەها پێويستە لەسەر هەر يەك لە ئێمە هانى ئەوەيتر بدات بۆ خۆشەويستى مەسيحى لە پەيوەندييەكاندا و بۆ كارى چاكەش (عيبرانييەكان10: 24-25). هەروەها پێويستە لەسەر هەر يەك لە ئێمە ئەوەيتر فێر بكات و ئامۆژگارى بكات (كۆلۆسى3: 16). هەروەها پێويستە لەپێناو يەكتر نوێژ بكەين (كۆلۆسى4: 2). پێويستيشە ژيانێك بژين كە شايستەى عيساى مەسيح بێت، پێكەوە ئازار بكێشين لە پێناو باوەڕمان (فيلیپی1: 27،29). هەروەها پێويستە بە پاكى دڵ مامەڵە لەگەڵ چەشنيتر بكەين (1تيمۆساوس5: 1-2).

پ) وەك باوەڕدارێك، بەرپرسيارين سەبارەت بەو كەسانەى كە خەڵۆز نين لە باوەڕيان.

پێويستە دوور بكەوينەوە لە كەسى خراپ (پەندەكان4: 14-15) (ئەفەسۆس5: 7). هەروەها پێويستە دوور بكەوينەوە لەو كەسانەى ڕێگاى خراپەيان گرتووە (2تسالۆنيكى3: 6) (كۆرنسۆس5: 9-13).

ت) هەنديك خسڵەتى هاوڕێتى لە كتێبى پيرۆزدا.

هاوڕێ ڕاستەقينەكان هاوڕێى ڕاستەقينەى خوداشن (ياقوب4: 4). هەروەها هاوڕێكان پابەندن بەوەى تێكەڵى دانايانبن (پەندەكان13: 20)، هەروەها ئامۆژگارى پێشكەشى كەسانيتر دەكەن و لێشيان قبوڵ دەكەن (پەندەكان27: 5-6 ، 9-10 ، 17)، خۆشيان تەرخان دەكەن لەپێناو يەكتردا، هانى يەكترش دەدەن بۆ گوزەرانى ژيان بەپێى پێوانەكانى خودا، هاوبەشيش دەكەن لەوانەى كە لەخوداوە فێرى دەبن (يۆحەننا15: 13-15).

## 2 پێشنيارى كردارى بۆ دروستكردنى پەيوەندى نێوان باوەڕداران

ئـ) پەيوەندى بكە بە گروپى باوەڕداران.

دەرفەت بە لاوان و كچان بدە پێكەوە بن بەشێوەيەكى تەندروست و ڕێكوپێك بە بێ ئەوەى كەلتورى كۆمەڵگەكەت بشێوێنێت. ئەو كات، كۆبونەوەكانى داهاتوو بەشدارى دەكەن لە دروستكردنى هاوڕێتى دروست لە نێوان لاوان و كچانى باوەڕدار. پاش ئەوەى هاوڕێتى لەنێوان لاوان و كچان ڕوودەدات لە چوارچێوەى گروپى مەسيحيدا، تواناى جياوازيكردنت دەبێت لە نێوان هاوڕێيەك و هاوڕێيەكى نوێژدا. لە كاتى گەشەكردنيانيش لە ڕووى ڕوحيەوە، بەشداربوونتان پێكەوە لە ژمارەيەك خزمەتى مەسيحيدا لە چوارچێوەى ئەم گروپەى هاوڕێ باوەڕدارانەدا، تواناى بەراوەردكردنى لايەنە بەهێز و لاوازەكانت دەبێت، لەلاى هاوڕێيەكت بەراوردى لايەنە بەهێزەكان بكەيت و لەلاى هاوڕێيەكى ترش لايەنە لاوازەكان. لە ڕاستيشدا پێويستى بە كاتێكى زۆر و تێكەڵبوون دەبێت لە ژيانى يەكتردا لە چوارچێوەى گروپى مەسيحيدا بۆ ئەوەى كەسێتى يەكتر بناسنەوە، هەروەها خسڵەتى يەكتر و كاريگەرييان و قوولى پەيوەندى هەر باوەڕدارێك لەگەڵ خودا.

ب) فێربە قسە بكەيت و بەشدارى بكەيت لەگەڵ گروپى مەسيحيدا.

باسى پەيوەندييەكانتان لەگەڵ خودا بكەن و ڕاستييە كتێبييەكانيش لەگەڵ يەكتردا بەشدارى بكەن. ئەگەر ئەم شتانەتان لە چوارچێوەى گروپى مەسيحيدا جێبەجێ كرد، لەپاش ژيانى هاوسەرگيريشدا بەردەوام دەبن لە جێبەجێكردنى.

پ) كارەكان پێكەوە ئەنجام بدەن وەك گروپێكى مەسيحى.

بەشدارى بكەن لە چالاكييە ڕوحييەكاندا وەك گروپى خوێندنەوەى وانەى كتێبى، گروپى نوێژ، فێركردنى منداڵان، يانەى لاوان، يان هەر شتێكيتر. هەروەها، بەشدارى بكەن لە چالاكييە كۆمەڵايەتييەكاندا، ياريیە بەكۆمەڵەكان، خواردنى خواردەمەنى وەك گروپ، گەشتى بەكۆمەڵ.

پێش ئەوەی بڕیاری دامەزراندنی هاوڕێتییەکی تایبەت بکەیت لەگەڵ کەسێکیتر لە چەشنیتر، پێویستە هەندێك بڕیاری گرنگ بدەیت لە ژیانت. ئەم حەوت بڕیارەیش هەمووی لەسەر بناغەی کتێبی پیرۆز دامەزراوە. (تێبینی: لێرەدا دیقەتی ئەوە دەکەیت کە قسەکان ئاراستەی نێرینە دەکرێت لەبەر هۆکاری زمانەوانی. لە ڕاستیشدا هەموو ئەم بنەمایانە لەسەر هەردوو ڕەگەز جێبەجێ دەبێت. بۆیە کاتێك دەڵێین: (بڕیار بدە کە ژن ناهێنیت ئەگەر لە کچێکی باوەڕدار نەبێت)، ئەم ڕستەیە لەسەر کچیش جێبەجێ دەبێت: (بڕیار بدە کە شوو نەکەیت ئەگەر کوڕێکی باوەڕدار نەبێت).

ئـ) بڕیار بدە ئایا دەتەوێ ژن بخوازیت یان نا.

**گفتوگۆبکە:** جیاوازی نێوان هاوسەرگیری و ژیانی سەڵتی چییە؟

**بخوێنە:** (گۆمکار4: 9-12) (ئیشایا54: 1-5) (مەتتا19: 10-12) (1کۆرنسۆس7: 1-7 ، 32-35).

**تێبینییەکان:** تاقە جیاوازی ژیانی سەڵتی ئەوەیە کە دەتوانی هەموو ژیانت بۆ عیسای مەسیح تەرخان بکەیت. ئەو کەسانەیش کە منداڵیان نییە دەکرێت منداڵی ڕوحییان هەبێت! بەڵام عەیبەکانی ژیانی سەڵتیش ئەوەیە کە تەنیایی و نەبوونی یارمەتیدەرێکە لە کاتی پێویستدا، هەروەها سوتانی سۆزداری.

**جێبەجێکردنێکی شیاو:** دەتوانی لەگەڵ خودا بڕیار بدەیت کە ژیانی هاوسەرگیری پێکناهێنیت تا تەمەنێکی دیاریکراو تاوەکو لەڕووی ڕوحی و سۆزدارییەوە گەشەبکەیت، هەروەها تاوەکو هەندێك مەشقی مەسیحی گرنگ وەربگریت، یان هەندێك ئەزموونی گرنگ وەربگریت لە خزمەتدا. کاتێك خوداش دوای ماوەیەك بۆ هاوسەرگیری ئاراستەت دەکات، زیاتر پێگەیشتوو دەبیت و ئەزمونێکی زیاترت لە ژیاندا دەبێت. خودا داوا لە هەندێك باوەڕدار دەکات بە درێژایی ژیانیان بە بێ خێزان بمێننەوە تاوەکو هەندێك ئەرکی تایبەت لە پادشایەتییەکەی ئەنجام بدەن.

ب) بڕیار بدە کە هاوسەرگیری پێکنەهێنیت ئەگەر کچێکی باوەڕدار نەبێت.

**گفتوگۆبکە:** بۆچی پێویستە کوڕی باوەڕدار تەنها کچی باوەڕدار بخوازن؟

**بخوێنە:** (وتەکان7: 3-4) (1کۆرنسۆس7: 39) (2کۆرنسۆس6: 14 – 7: 1) (ئەفەسۆس5: 22-25).

**تێبینییەکان:** کتێبی پیرۆز ئامۆژگاری باوەڕداران دەکات جگە لە باوەڕدارا نەخوازن (1کۆرنسۆس7: 39) (2کۆرنسۆس6: 14 – 7: 1). زۆر جار لایەنی ناباوەڕ لا باوەڕدارەکە دوور دەخاتەوە لە باوەڕی بە عیسای مەسیح (وتەکان7: 3-4). بەڵام خودا ویستی پەیوەندی هاوسەرگیری ببێتە وێنەیەکی بینراو سەبارەت بە عیسای مەسیح و کڵێسای مەسیحی. بۆیە، وێنەی عیسای مەسیح و کڵێسای مەسیحی بەردەوام لە تاقیکردنەوە دەبێت لەهەموو هاوسەرگیرییەکی مەسیحی (ئەفەسۆس5: 22-25).

**جێبەجێکردنێکی شیاو:** پێویستە ئەو کچەی کە دەتەوێ بیخوازیت باوەڕدارێکی ڕاستەقینە بێت، پێش ئەوەی بڕیاری گەشە پێدانی پەیوەندییەکەی نێوانتان بدەیت بەئامانجی هاوسەرگیری. (هەمان شت سەبارەت بە کچ)

پ) بڕیار بدە کە هاوسەرگیری پێکنەهێنیت ئەگەر کچیەکە بەتەواوی نەناسیت.

**گفتوگۆبکە:** دەتوانی چ ئەنجام بدەیت بە شێوەیکی کرداری بۆ دۆزینەوەی ڕاستیی کەسی بەرامبەر؟

**بخوێنە:** (پەندەکان27: 19، 23).

**تێبینییەکان:** گرنگە بەشێوەیەکی تایبەت ڕاستی دڵی ئەو کچە و دۆخی ڕوحیی بزانیت کە بەنیازی بیخوازیت. هەرگیز بیر مەکەوە لە خوازبێنی کچێك کە بەتەواوەتی نەیناسیت.

**جێبەجێکردنێکی شیاو:** پەیوەندی بکە بە گروپێکی باوەڕداران. فێربن پێکەوە قسە بکەن و بەشداری بکەن. شتەکان پێکەوە

جێبەجێ بکەن وەك گروپێك. بەشێوەیەکی تایبەت تەماشای ئەم خاڵانە بکە:

- ✓ ئایا ئەم کچە هانم دەدات بۆ گەشەکردنی پەیوەندیم لەگەڵ خوداو کەسانیتردا؟
- ✓ ئایا ئەم کچە کاریگەرییەکی ئەرێنی لە ژیانمدا بەجێ دەهێڵێت و زیاتر کاریگەر دەبم؟ ئایا دەبێتە هۆی ئەوەی ژیانێکی پڕ خۆشی و بەبەرهەم بژیم؟ ئایا یارمەتیم دەدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر ڕەفتار بکەم؟ ئایا دەبێتە هاندەرم بۆ جێبەجێکردنی پێوانەکانی عیسای مەسیح لە ژیانمدا و بەرەو خراپە و گوناهە ڕاماناکێشێت؟
- ✓ ئایا گوێڕایەڵم دەبێت و قسەکانم بەهەندەوە وەردەگرێت و قبوڵم دەکات؟
- ✓ ئایا هەوڵ دەدات هەمیشە بوونی هەبێت —بەپێی توانا— بەشێوەیەك کە بتوانم پەنای بۆ بەرم کاتێك پێویستیم بە ئامۆژگاری و یارمەتی ڕاستەقینە هەبێت؟
- ✓ ئایا کچێکە کە بەبەردەوام لەگەڵیدا هەست بە حەوانەوە بکەم و بتوانم پێبکەنم و بگریێم و لەگەڵیدا قسە بکەم لەبارەی هەر بابەتێك بەبێ کۆت و بەند؟
- ✓ ئایا کچێکی ڕاستگۆ و دڵسۆزە؟ ئایا بەبەردەوامی ڕاستی دەڵێت؟ ئایا بەپێی سروشتیی خۆی هەڵسوکەوت دەکات؟
- ✓ ئایا ئەم کچە توانای بەشداریکردنی هەیە لە پەیوەندییەکانی، هەوڵیش نادات بمخاتە دەرەوەی پەیوەندییەکانی، بەڵکو هەوڵی ڕاکێشانم دەدات بۆ پەیوەندی ڕێکوپێك لەگەڵ کەسانیتردا؟

ت) بڕیار بدە هاوسەرگیری پێکنەهێنیت ئەگەر کچێکی خۆڕاگر نەبێت.

**گفتوگۆبکە:** ئایا خودا دەربارەی خۆڕاگری و پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو چی دەفەرمێت؟

**بخوێنە:** (غەلاتیە5: 22-23) ( غەلاتیە6 : 7-8) (1تسالۆنیك4: 1-8) (عیبرانییەکان13: 4).

**تێبینییەکان:** خۆڕاگری یەکێکە لە بەروبومەکانی پەیوەندی لەگەڵ خودا (غەلاتیە5: 22-23)! هەروەها خۆڕاگری یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی پەیوەندی لەگەڵ چەشنیتر و لە هەموو شتە پەیوەندیدارەکان بە خاوێنی و بێگەردی. ئەوەی لە ژیانی ئێستاتدا بیچێنیت، بێگومان لە ژیانی داهاتوو دەیدوورێتەوە (غەلاتیا6: 7-8)!

**جێبەجێکردنێکی شیاو:** دوور بکەوە لە هەر جۆرێك لە جۆرەکانی پەیوەندی داوێنپیسی. خۆڕاگری پەیڕەو بکە بەوەی کە پەیوەندی بە چاوەکانتەوە هەیە (ئەوەی تەماشای دەکەیت)، هەروەها مێشکت (ئەوەی بیری لێدەکەیتەوە) دەستەکانت (ئەوەی دەستی لێدەدەیت)، لەگەڵ شتیتر. لەبەردەم خودا پەیمان بدە کە پێش هاوسەرگیری کاری داوێنپیسی ئەنجام نەدەیت، لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیریش ئەو کارە نەکەیت (عیبرانییەکان). خودا فەرمانت دەدات بەشێوەیەکی خاوێن و پیرۆز پێشوازی لە هاوسەری ژیانی ئایندەیت بکەیت، نەك لە ڕێگای حەزی ڕەگەزی هاوشێوەی بت پەرستەکان (1تسالۆنیکی4: 1-8). بۆیە، ژمارەیەك سنووری کتێبی دروست بکێشە دەربارەی پەیوەندیت لەگەڵ چەشنیتر.

ج) بڕیار بدە هاوسەرگیری پێکنەهێنیت ئەگەر کچێك نەبێت هەمان ئامانجەکانی ژیانتی نەبێت.

**گفتوگۆبکە:** بۆچی گرنگە هاوسەری ژیانت هەمان ئەو ئامانجانەی ژیانی هەبێت کە تۆ هەتە؟

**بخوێنە:** (عامۆس3: 3) (مەتتا6: 33) (فیلیپی: 27) (فلیپی2: 2-4).

**تێبینییەکان:** کاتێك ئامانجەکانت لە ژیان جیاواز بێت لەگەڵ ئامانجەکانی هاوسەری ژیانت، ناتوانن پێکەوە بەهەمان ئاراستەدا هەنگاو بنێن (عامۆس3: 3). عیسای مەسیح ئەوەمان فێر دەکات کە پێویستە ئامانجەکانی باوەڕداری مەسیحی بەم شێوەیە بێت: یەکەمجار داوای شانەشینی خودا بکەن (موڵکی خودا لەسەر سەیوانی دڵت) هەروەها چاکەکەی (ڕێنماییەکانی پەیڕە و بکە) (مەتتا6: 33). بۆیە پێویستە باوەڕداران پێکەوە پتەو بن لە باوەڕەکەیاندا و لە بیر و ئامانجیشدا یەك بن (فلیپی1: 27) (فیلیپی2: 2-4).

**جێبەجێکردنێکی شیاو:** تێبینی بکە کامەیە ئەو کەسە لە گروپە مەسیحییەکەتدا هەمان ئامانجی هەیە. بە مەبەستەوە لەگەڵ باوەڕدارانیتردا باسی ئامانج و ئاواتەکانی ژیانت و ئامانج و ئاواتەکانی ژیانی ئەوان بکە. لە ئێستاوە دەستبەکار بە لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ژیانت.

**چ) بڕیار بدە هاوسەرگیری پێکنەهێنیت** ئەگەر **کچێکی ڕزگاربوو نەبێت لە ژیانی تاریکی.**

**بخوێنە:** (دەرچوون20: 5-6).

**گفتوگۆبکە:** چ بنەمایەك فێر بووی لەم بڕگە کتێبییەدا؟ چۆن ئەم بنەمایە ڕوون کرایەوە لە مێژووی گەلی کۆندا لە کتێبی پیرۆز؟ چۆن پەیوەندییە هەڵەکانی خێزانەکەت کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی تۆیش لەئاییندەدا دەبێت؟

**تێبینییەکان:** ئەو بنەمایەی لە (دەرچوون20: 5-6) هاتووە ئەوەیە کە ئەو گرفتانەی لە نێوان تۆ و باوك و دایکت (برا، خوشك، هاوڕێ، مامۆستا، کەسانیتر) دەکرێ لە ئاییندەدا ببنە گرفت لە ژیانت و پەیوەندی هاوسەرگیریت (2ساموئێل11: 4 ، 15 ، 27) (2ساموئێل13: 12-14). (2هەواڵ22: 2-4). (2هەواڵ25: 2) (2هەواڵ26: 4). بۆ نموونە، شێوازی مامەڵەکردنی گەنج لەگەڵ دایکی دەکرێ لە ئاییندەدا لە مامەڵەکردنی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ڕەنگ بداتەوە. هەروەها شێوازی مامەڵەکردنی کچ لەگەڵ باوکی دەکرێ لە ئاییندەدا لە مامەڵەکردنی لەگەڵ مێردەکەی ڕەنگ بداتەوە. پێویستە ڕووبەڕووی ئەو کێشانە ببینەوە کە لەڕابردوودا ڕوویان داوە و کاردانەوە خراپەکانی چارەسەر بکەین. پێویستە پەیوەندییە پچڕاوەکان بگەڕێتەوە، هەستە برینەکانیش ساڕێژ بکرێن. هەروەها پێویستە بزانین کە نیعمەتی خودا بەسە بۆ لێخۆشبوون لەو گوناهە ڕەشانەی لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، گەڕانەوەی هەر پەیوەندییەکی پچڕاو، ساڕێژ کردنی هەر هەستێکی بریندار. بۆیە، نیعمەتی خودا یارمەتیت دەدات بۆ گەشەکردنی ڕوحی و سۆزداری تاوەکو ببیت بە کەسێکی پێگەیشتو و تەندروست.

**ح) بڕیار بدە کە ژیانی هاوسەرگیری لە کاتی گونجاودا پێکدەهێنیت.**

**گفتوگۆبکە:** گرنگی چاوەڕوانیکردنی کاتی گونجاو بۆ هاوسەرگیری چییە؟

**بخوێنە:** (کۆمکار3: 5) (کۆمکار8: 5-6) (پەیدابوون29: 20) (1کۆرنسۆس7: 9).

**تێبینییەکان:** هەموو شتێك لەسەر زەوی کاتی هەیە. *﴿باوەش بە یکردن کاتی خۆی هەیە و جیابوونەوە لە باوەش بەیەك نەکردنیش کاتی خۆی هەیە﴾* (کۆمکار: 5). دڵی دانا کاتی گونجاو و شێوازی گونجاو دەزانێت بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ چەشنیتر. ئەو کەسەی کە متمانەی بە خودا ببەخشێت، متمانەشی دەبێت لەوەی کە خودا ڕێگا بە ڕوودانی شتی نوێ دەدات لە کاتی گونجاودا. خۆشەویستی ڕاستەقینەیش خۆشەویستییەکی خۆڕاگرە، توانای چاوەڕوانی هەیە پێش هاوسەرگیری (1کۆرنسۆس13: 4).

**جێبەجێکردنێکی شیاو:** دەتوانی هاوسەرگیرییەکەت دوا بخەیت تا دوای خوێندنی زانکۆ. دەشتوانی چاوەڕوان بی تا ڕێکخستنی کاروباری داراییت. هەروەها دەتوانی چاوەڕوانبیت تا وەرگرتنی ئەزموونێکی کرداری لە بواری کارەکەت یان خزمەتە مەسیحییەکەت. هەروەها، پێویستە کوڕ و کچ ڕەزامەندی کەسوکاریان لەسەر هاوسەرگیرییان وەربگرن. بەڵام ئەگەر کوڕ و کچەکە سەخت بوو لەلایان لەڕووی ڕەگەزییەوە خۆیان ڕابگرن، پێویستە پەلە بکەن لە هاوسەرگیریدا (1کۆرنسۆس7: 9).

**4** ئامۆژگاری کرداری کاتێك دەکەویتە شەیدایی (خۆشەویستی)

کاتێك دەکەویتە شەیدایی(خۆشەویستی)، هەوڵ بدە جیاوازی بکەیت لە نێوان هەست و ڕاستییەکان. هەست بە ڕووکردنی سۆزداری دەکەیت بەهۆی جوانی دیمەنی دەرەکییەوە (یان هەست بە ڕووکردنی سۆزداری بەهۆی قۆزییەکەیەوە دەکەیت)، یان خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە خۆشت دەوێت بەهۆی کەسێتیی و خسلەتەکانەوە؟ کتێبی پیرۆز هۆشداریت دەکات لە پەلەکردن و هەڵەکردن (پەندەکان19: 2-4)، بەڵام هانیشت دەدات بۆ گەڕان و بەدواداچوونی ڕاستییەکان (کۆمکار7: 25-26). بۆیە،

پێش ئەوەی بڕیار بدەیت بەمەبەستی هاوسەرگیری کەسێك لە چەشنیتر بناسیت، پێویستە ئەم کارانە ئەنجام بدەیت (وەکو پێش کەمێك ئاماژەمان پێدا، ئەو بنەمایانەی لەسەر کوڕ جێبەجێ دەبێت، لەسەر کچیش جێبەجێ دەبێت):

ئـ) نوێژ بکە بۆ خودا دەربارەی ئەم کچە.
داوا لە خودا بکە یارمەتیت بدات بۆ ناسینی ئەو کچە و خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە لە دڵت بەرامبەر بەو کچە بچێنێت ئەگەر ئەوە ویستی خۆی بێت. یان داوا لە خودا بکە هەستەکانت بەرامبەر کچەکە لاواز بکات. نوێژ بکە بۆ ئەوەی توانای بینینی دوورتر لە هەستەکانت هەبێت.

ب) پابەند بە بە قولکردنی ناسینەکەت بەو کچەوە.
بیناسە لەڕێگای چالاکی و ڕوداوو جۆراوجۆرەکان کە لە چوارچێوەی گروپی مەسیحیدا، بە بێ ئەوەی هەستەکانت بۆی ئاشکرا بکەیت. هەوڵ بدە ڕاستی ئەو کچە بەرامبەر بە خودا بدۆزیتەوە، هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانیتردا، پەیوەندی لەگەڵ خۆیدا. کەسێتیی و خسڵەتەکانی و لایەنە بەهێزەکانی، لایەنە لاوازەکانی، کاریگەری لەسەر تۆ و کەسانیتر بزانە. چۆن دەبێ بزانی ئەگەر کاریگەریی بەهێز بێت؟ دەکرێ ئەوە بزانیت کاتێك لە ڕووی ڕوحییەوە زیاتر گەشە بسێنیت بەهۆی پەیوەندیت لەگەڵیدا (ئەفەسۆس5: 26-27).

پ) داوای ئامۆژگاری بکە دەربارەی ئەم کچە.
لە کەسێکی بەتەمەن واتە پێگەیشتوو داوای ئامۆژگاری بکە کە پەیوەندییەکی هاوبەشی لەگەڵ خودا هەبێت. باشتریش وایە ئەو کەسە ناسیاوی پتەوی لەگەڵ تۆ و کچەکە هەبێت (پەندەکان19: 20-21). ڕاستییە پەیوەندیدارەکان بەو کچەوە کۆبکەوە تاکو بزانیت هەستەکانت لەسەر کاری ڕاستەقینەیە یان بەپێچەوانەوە.

ت) بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ کچێکی بێ باوەڕ مەچۆ دەرەوە.
ئەگەر کەوتییە خۆشەویستی کچێکی بێ باوەڕەوە سەرباری هەموو ئەم ئامۆژگاری و هۆشدارییانە، بەهیچ شێوەیەك بەتەنها لەگەڵیدا مەچۆ دەرەوە، هەوڵیش بدە لە هەموو ڕەوشت و ڕوداوێکدا لێی بەدوور بیت. هەوڵ بدە بانگهێشتی بکەیت بۆ کۆبوونەوەکانی گرووپە مەسیحییەکەت، بە هاوڕێ باوەڕدارەکانت بیناسێنە، هەوڵیش بدە بیخەیتە قازانجی عیسای مەسیحەوە. هەمیشە باشتریش وایە چاوپێکەوتنەکان لە نێوان باوەڕدارەکان بێت بەلای بێ باوەڕەکان لە چەشنیتردا لە چوارچێوەی گروپی مەسیحیدا.

## پ) قۆناغە کردارییەکان بۆ گەشەکردنی پەیوەندی بەرەو هاوسەرگیری.

**گفتوگۆبکە:** هەندێك لەو ڕێنماییە بەبایەخانە چییە کە یارمەتی کەسێك دەدات بۆ گەشەکردنی پەیوەندی بە کەسێك لە چەسنیتر بەمەبەستی هاوسەرگیری؟

**تێبینییەکان:** دەکرێ پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ دابەش بکرێتە سەر سێ قۆناغ: قۆناغی ناسینەوە، قۆناغی خۆشەویستی، قۆناغی خوازبێنیکردن. هەر قۆناغێك لەم سێ قۆناغەیش سەرەتایەکی ڕوونی هەیە، کۆتاییەکی ڕوون، ئامانجێکی ڕوون و هەنگاوی کرداری ڕوون بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەی هەیە.

### 1 قۆناغی ناسینەوە

ئـ) واتا. (ناسینەوە) واتا کوڕەکە و کچەکە یەکتری بناسن بەبێ هیچ هەوڵێکی خۆشەویستی.

ب) ئامانجەکە: دەستەبەرکردنی زانیاری پێویست کە یارمەتیت بدات بۆ وەرگرتنی بڕیار دەربارەی بەردەوامی یان وەستانی پەیوەندییەکە.

پ) شێوازەکە: کاتێك بە کرداری بایەخ بە کچێك دەدەیت، یان یەکێکیانت خۆشدەوێت، دەتوانی ئەم خاڵانە پەیڕەو بکەیت:

1. جیاوازی بکە لە نێوان هەستەکانی خۆشەویستی کە هەستی پێدەکەیت لەگەڵ خۆشەویستی مەسیحی ڕاستەقینە.
2. داوای ئامۆژگاری بکە لە کەسانێك تۆ و کچەکە بناسن.
3. لە کچەکە بپرسە دەربارەی ئاستی ئامادەیی بۆ ناسینت (لە هەندێك کۆمەڵگەدا، ڕەنگە کچەکە بەهیچ شێوەیەك هەنگاو بۆ ناسینی کوڕەکە نەنێت).

4. ئەگەر ڕازی بوو، ڕێکبکەون بۆ یەکگرتن لە ژوانێکی دیاریکراو و شوێنێکی دیاریکراودا (بۆ نموونە، هەفتە جارێك تا ماوەی شەش مانگ تاوەکو باش یەکتر بناسن).

ت) چالاکی کردەیی.

1. هەوڵ بدەن هەردووکتان یەکتر بناسن بەباشترین شێوە بەتایبەتی سەبارەت بە پەیوەندیتان لەگەڵ خودا، باوەڕتان، بیرۆکەکانتان، خسڵەتە کەسێتییە نایابەکان.
2. ئەمە چەند تێبینییەکی کردارییە دەربارەی خۆڕاگری (غەلاتیە5: 22):

✓ دوور بکەونەوە لەهەر نزیکبوونەوەیەکی جەستەیی: باشتر وایە هیچ نزیکبوونەوەیەکی جەستەیی لە نێوانتاندا ڕوو نەدات، چونکە ئەو نزیکبوونەوەیە ڕەنگە بتانکات بە بەندکردنی هەستەکانتان. ئێوە پێویستیتان بە زۆرترین ئازادییە تاوەکو بگەن بە باوەڕی دروست و وەرگرتنی بڕیاری ژیرانە دەربارەی پەیوەندییەکانتان!

✓ پەیمانی هیچ شتێك مەدەن سەبارەت بە داهاتووی پەیوەندییەکەتان. دوور بکەونەوە لە هەر شتێك پەیوەندییەکەتان فەرمی و پابەند بکات، ئێوە تەنها هاوڕێن. هەروەها باشتر وایە هیچ کامتان چاوەڕێی هیچ شتێك لەوەی تر نەکات. وەك دوو (هاوڕێ) باسی پەیوەندییەکەتان بکەن نەك وەکو دوو (ئەویندار). ڕەنگە ئەمە یارمەتیتان بدات بۆ کەمکردنەوەی هەندێك فشاری کۆمەڵایەتی کە ڕەنگە هەندێك هاوڕێ بەسەرتاندا ئەنجامی بدەن.

✓ گوزارشت لە هەستەکانتان مەکەن. باشتر وایە هەر یەك لە ئێوە دەستبەکار نەبێت لە کێشانی ژیانێکی ئەندێشەیی دەربارەی ئەویتر، باسی هەستەکانتان مەکەن، بەهیچ شێوەیەکیش گوزارشت لە هەستەکانتان نەکەن. چاوەڕێ بکەن تاوەکو ئامادەبن بۆ ئەو قۆناغە. ئەگەر پێشوەختیش باسی هەستەکانتان بکەن و ئاشکرای بکەن، هەر یەك لە ئێوە پێشبینییە نادروستەکانی خۆی پێکدەهێنێت، ئەمەش لەلای خۆیەوە کۆسپ دەخاتە بەردەم پەیوەندی ڕوحی ڕاستەقینە لە نێوانتان و ڕەنگە ببێتە هۆی بریندارکردنی هەستی یەکێکتان لە ئایندەدا.

✓ باسی هاوسەرگیری مەکەن. باشتر وایە باسی هاوسەرگیری نەکەن یان هەر پلانێکی تایبەت پەیوەندی بە هاوسەرگیرییەوە هەبێت. ڕەنگە ئەمەیش ببێتە هۆی دەربڕینی پێشبینی نادروست. لەم کاتەدا، ئێوە لە دوو هاوڕێ زیاتر نین.

ج) کۆتایی.

ئەم قۆناغە بەوە کۆتایی دێت کاتێك یەکێکتان یان هەردووکتان هەست بکەن پێویستە چاوپێکەوتن ڕابگرێت. بەڵام ئەگەر هەردووکتان ڕازی بوون بەوەی کە پەیوەندی هاوڕێتی نێوانتان نایاب بووە، دەتوانن پێکەوە بڕیار بدەن بۆ گوازتنەوە بۆ قۆناغی دووەم کە قۆناغی خۆشەویستییە.

**2**

**قۆناغی خۆشەویستی**

ئـ) واتا. (خۆشەویستی) واتا سازدانی هاوڕێتییەکی پتەو بەمەبەستی هاوسەرگیری.

ب) ئامانجەکە: زانینی ئەوەی کە ویستی خودا بۆ ئێوە پێکهێنانی هاوسەرگیرییە (ئەفەسۆس5: 17). هەروەها زانینی ئەوەی کە بنەمایەکی پێویستتان هەیە بۆ چوونە ژوورەوەی ناو هاوسەرگیری تاهەتایی.

پ) شێوازەکە:

1. پێویستە یەکتری ئاگادار بکەنەوە، کەسانی تریش ئاگادار بکەنەوە کە ئێوە بوون بە هاوڕێی نایاب و هەستی خۆشەویستیتان بۆ یەکتر هەیە.
2. پابەند بن بەوەی کە بەشێوەیەکی کراوە گەشە بە پەیوەندی خۆشەویستیتان بدەن، بەڵام لە چوارچێوەی سنوورێکی ڕوون و دیاریکراو و پێشتر لەسەری ڕێککەوتبوون.

ت) چالاکییە کردارییەکان.

1. سنوورێکی ڕوون و دیاریکراو و ڕێکەوتوو بکێشن بۆ پەیوەندی خۆشەویستی نێوانتان. پێویستە ئەم سنوورە بەپێی ڕێنماییەکانی کتێبی پیرۆز بێت. باشتریش وایە سنوورەکە بەم شێوازانە بکێشن:

- ✓ کات: چەند جار لە هەفتەیەك یەکتر دەبینن؟ هەر دیدارێك چەند کاتژمێر دەخایەنێت؟ پێویستە لە چ کاتژمێرێك هەر یەك لە ئێوە بگەڕێتەوە ماڵەوە؟
- ✓ شوێن: لە کوێ یەکتر دەبینن؟ کامانەن ئەو شوێنانەی بڕیارتان داوە سەردانی نەکەن؟
- ✓ لێیەکدانی جەستەیی: کامەیە ئەو لێکدانە جەستەییەی لە تێڕوانینی خودا قبوڵکراوە، لە کۆمەڵگەکانتان قبوڵکراوە و یارمەتیدەرتان دەبێت بۆ بونیادنان؟ کامانەن شێوازەکانی لێیەکدان کە پێویستە ئەنجامی نەدەن؟ زۆر بەڕوونی لەسەر ئەم خاڵە ڕێکبکەون.
- ✓ چالاکییەکان: کامانەن ئەو شتانەی پێکەوە ئەنجامی دەدەن؟ کامانەن ئەو شتانەی کە پێکەوە بڕیارتان داوە ئەنجامی نەدەن؟

با هەر یەك لە ئێوە لەگەڵ یەکتردا پەیمانێك لە ئامادەیی خودادا بدات (کە خودا ببێتە شایەتی لەسەر پەیمانەکەتان بەوەی کە پێچەوانەی ئەم پێوانانە نابێت، هانی ئەوەیتر دەدات بۆ پاراستنی ئەم ڕێنماییانە (1تسالۆنیکی4: 3-8).

2. با هەریەك لە ئێوە هانی ئەوەیتر بدات بۆ گەشەپێدانی ڕوحی، با هەریەك لە ئێوە کار بۆ بونیادنانی ئەوەیتر لە باوەڕدا بکات. پێکەوە خزمەتی خودا بکەن. کار بۆ دروستکردنی هاوڕێتی هاوبەش بکەن لەگەڵ کەسانیتردا و لە هەردوو چەشن.

3. گفتوگۆ لەبارەی بیرۆکەی هاوسەرگیری ئایندەیی مەکەن تا ئەو کاتەی بەتەواوەتی ئامادە دەبن. بەپێچەوانەی ئەوەوە، هەر یەك لە ئێوە پێشبینی لەلای خۆیەوە دروست دەکات کە ڕەنگە ببێتە هۆکاری دروستبوونی بارگرژی لە پەیوەندیتان یان پەیمان دانێك کە نەتوانن لە ئایندەدا جێبەجێی بکەن.

ج) کۆتایی. ئەم قۆناغە کاتێك کۆتایی دێت کە یەك لە ئێوە یان هەردووکتان هەست بکەن کە گرنگە لێرەدا کۆتایی بە پەیوەندییەکە بهێنێت. ئەو کات، دەتوانن بڕیارێك بدەن بۆ ڕاگرتنی دیدارەکانتان، بگەڕێنەوە وەك تەنها هاوڕێیەکی ئاسایی. ڕەنگە ئەمە زۆر سەخت بێت، بەڵام باشترە لە جیابوونەوە لە ئایندەدا. بەڵام ئەگەر بۆتان دەرکەوت کە خودا دەیەوێ هاوسەرگیری پێکبهێنن، دەتوانن بگوازنەوە بۆ قۆناغی سێیەم کە قۆناغی دیاریکردنە. جا ئەگەر دیاری کران یان نەکران، دەبێ پێکەوە بۆ هاوسەرگیری خۆتان ڕێکبخەن و هەموو شتێك بۆ ڕۆژی زەماوەند جێبەجێ بکەن.

## 3 قۆناغی خوازبێنیکردن

ئـ) واتا. (خوازبێنیکردن) واتا هەردوکتان ڕاتانگەیاندووە کە بەنیازی هاوسەرگیرین، سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ هاوسەرگەرییە نزیکەکەتان و ڕۆژی زەماوەند. دیاریکردن ئەوەیش دەگەیەنێت کە هەردووکتان بۆ کەسیتر نەماون.

ب) ئامانجەکە: ئامادەکاری بۆ هاوسەرگیری و ئاهەنگی زەماوەند.

پ) شێوازەکە:

1. با هەر یەك لە ئێوە پەیمانێکی پیرۆز بۆ هاوسەرگیری تاهەتایی بەوەوەیتر بدات.
2. ڕێکبکەون لەسەر کاتێکی دیاریکراو بۆ هاوسەرگیری و پلانێکی ورد بۆ ڕێکخستنەکانی زەماوەند دابڕێژن.
3. ئەندامانی خێزان و هاوڕێکانتان هەست بە خۆشی و کامەرانی دەکەن.

4. کارێکی بەسوودە لە ئێستاوە دەستبەجێ ئامادەکاری بۆ هاوسەرگیری بکەیت، ماوەی دیاریکردن کورت بکەنەوە. ئەمە یارمەتیتان دەدات بۆ ئەوەی نەکەونە ناو ئەزموونەکەوە.

ت) چالاکیە کردارییەکان.

1. پێشبینییەکانتان دەربارەی ژیان و کار پێکەوە تاوتوێ بکەن. بەڕاشکاوی گفتوگۆ بکەن لەبارەی هەر لایەنێکی گرنگ لە پەیوەندییەکانتان. بۆ نموونە،ماڵی ئایندەیی و شێوازی ژیانی ئایندەییتان تاوتوێ بکەن، هەروەها کڵێسا ئایندەییەکەتان، خزمەتکردنی خودا، پەیوەندییەکانتان لەگەڵ کەسوکار، ناسیاو، کارەکان، کارە داراییەکان، کارەکانی ڕەگەزی و منداڵەکانتان. ڕاستگۆ بن لەبارەی ئەو ئەزموونە خراپانەی کە لەڕابردوودا بەسەرتاندا هاتووە، دان بەوەدا بنێن – لە کاتی گرنگدا – بە گوناهەکانتان، لەیەکتریش خۆشبن (یاقوب5: 16).

2. بەردەوام بن لەسەر پاراستنی ئەو سنوورانەی لەسەری ڕێککەوتوون لەبارەی لێیکدانی جەستەیی. پێویستیتان بە خۆڕاگری زیاترە بۆ پاراستنی خاوێنیتان تا ڕۆژی زەماوەند.

3. باشتر وایە بۆچوونی کەسوکارتان وەربگرن بۆ ڕێکخیستنەکانی زەماوەند.

ج) کۆتاییەکە. ئەم قۆناغە کاتێك کۆتایی دێت کە یەك لە ئێوە یان هەردووکتان هەست بکەن کە گرنگە لێرەدا کۆتایی بە پەیوەندییەکە بهێنێت. هەرچەندە ئەمە زۆر سەخت دەبێت، بەڵام لە جیابوونەوە لە ئایندەدا باشترە. بەڵام ئەگەر هەردووکتان بەردەوام بوون لەسەر نیازی پێکهێنانی هاوسەرگیری، دەبێ هاوسەرگیری ئەنجام بدەن و کامەران بن بە ئاهەنگی زەماوەندی نایاب!

**نزا**

بە نۆرە وەکو گروپ نوێژ بەرز بکەنەوە بۆ خودا، وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە. یاخود گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی یاخود سیانی و نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە بۆ خودا وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە.

**ئەرکی ماڵی**

**بۆ وانەی داهاتوو**

ڕابەری گروپ: ئەم ئەرکەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەکەت، یاخود داوایان لێبکە لە پەڕاوەکانیان بینووسنەوە.

**بەڵێن:** بەڵێن بدە قوتابییەتی بە کەسانێتر بکەیت بۆ عیسای مەسیح. فێرکردن پێشکەش بکە دەربارەی (پەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەت).

**خەڵوەتی ڕوحی:** بەردەوام بە لەسەر خەڵوەتی ڕوحی بە خوێندنەوەی نیو بەش ڕۆژانە لە (کردار11: 19 – 14: 28). شێوازی ڕاستی پەسەندکراو بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز:** تکایە وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵ (1تسالۆنیکی4: 1-8). جاوازی پەیوەندییە مەسیحییەکان چییە لەگەڵ چەشنیتر؟ پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**نوێژ:** بۆ کەسێکی دیاریکراو یاخود بۆ شتێکی دیاریکراو نوێژ بەرز بکەرەوە و بزانە خودا چی دەکات (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە.** تێبینییەکانت سەبارەت بە (خەڵوەتی ڕوحی، دەرخکردن، وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز) لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە. هەروەها ئەم ئەرکە ماڵییە.